# بابەتە گەرم وگورەکانی میدیاکان و فشاری سەر هاووڵاتی

ئێمەی هاووڵاتی مەبەستم چینی ژێرەوەو دوورە دەستەڵاتە سەرباری هاوبەشیمان لە چەشتنی تاڵی و سوێری رۆژگارو رووداوە خێراو بەپەلەکان. بەشداریکردنی بەیەکەوەمان لە قبوڵکردنی سەختی و ناخۆشیەکانی ژیان و ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر نەخشەی سیاسی ولاتەکەمان و ناوچەکە بەگشتی دادێن. هتد لەهەمان کاتدا لە خاڵێکی تریشدا هاو خەم و هاو ئازارو هاو کۆستین ئەویش هێرشی بەربڵاوو تەشەنەکردووی راگەیاندن و کە ناڵە میدیاییە جیاجیا کانە بەتایبەتی میدیای بێ کۆنترۆل و بەر بڵاوو بێ بەرنامەی کوردی ئێستا. هەر رۆژەو چەند باس و هەواڵێک دێنە سەر شانۆی بەنارەوا خولقێندراوی میدیای کوردی و ئەوانیش شەوو رۆژ ئەو لێشاوی هەواڵە دەجوونەوەو دووبارەو دە بارەی دەکەنەوە و سەرو مێشکی ئێمەی هاووڵاتی بێ چارەو دەرەتانی پێ کاس دەکەن کە راددەی وەرسی و بێزاریەکەو زۆر دووبارە کردنەوەکە بگاتە ئاستێک من و تۆی هاووڵاتی چیتر شوێن هەواڵ و دەنگ و باسەکان نەکەوین و گوێیان نەدەینێ و رقمان لەسەرجەم میدیا ناوخۆییەکان بێتەوە چونکە ئەوەندەمان وادەو بەڵێنی بەتاڵی وەکو بلقی سەر ئاو بیستوە ئەوەندەمان دروشمی بریقەدارو پفکراو خوێندۆتەوەو بیستوە خەریکە باوەڕ بە هیچ شتێک نەکەین. ئێستاش سێ هەواڵ ئەوەندە بڵاو دەکرێنەوەو باسیان لێوە دەکرێ کورد دەڵێ مێشکیان پڕ کردووین و خەریکە باوەڕ بە هیچ کامیان نەکەین و رقمان لە خودی کێشەکەش بێتەوە کە یەکەمیان ماددەی ١٤٠ ی دەستوورە کە ئەوەندە لە رۆژنامە حیزبیەکان پێیدا هەڵدەگووترێ و موزایەدەی پێ دەکرێ و بە هۆیەوە مەبدەئو وەتەنیات بەسەر ئێمەی هاووڵاتیدا دەفرۆشن و هەندێک لێپرسراو لێدوانەکانیان ئەوەندە خاکی و بێ سەرو بەرو ترو هاتە کە هاووڵاتی وا هەست دەکا ئەو بەرێزە یا منی تاکی کورد زۆر بە گێل و نەفام تێدەگا و گاڵتە بە عەقڵم دەکا، یا هەر خۆی هیچی تێ نەگەیشتووە و ماویەتی لە بنج و بناوانی بابەتەکە بگا. بۆیە زۆر دووبارە کردنەوەو موزایەدە لەسەر کردنی بێبنەمای ئەو مەسەلە گرینگە و لێدوانە زیاد لە پێویستەکان نەوەک لە بەرژەوەندی کێشەکەدا نیە بەڵکو کێشەکەشی ناشیرین و بێ قیمەت کردوەو نیگەرانی و دڵتەنگی لای هەموو کورد بەگشتی و دانیشتوانی ئەو دەڤەرە ئازیزە بەتایبەتی دروست کردوە، خاڵی دووەم کە ئەمرۆ لە راگەیاندنەکاندا زۆر باسی لێوەدەکرێ هەر ئەو هەموو هەواڵە بێ سەرو بەرو دژ بەیەک و پێچەوانەیە بابەتەکەی ئاڵۆزکردوەو ترسێکی لەلای هاووڵاتیان دروست کردووە ، سیستەمی تازەی مووچەیە کە مووچەخۆر خەریکە لە ترسی ئەوەی نەبادا هەواڵێکی ناخۆش ببیستێ و دژی حەزو خۆزگەی ئەو بێ؟ خەریکە بەیەکجاری گوێ لە هەواڵە ناوخۆییەکان نەگرێ و ئەگەر هەواڵێکی لابەلاشی بیست یەکسەر بەدرۆی بخاتەوە چونکە ئەو پێشتر چەندین هەواڵی دژ بە و هەواڵە تازە و دوا پرۆپاگەندەیەی بیستووە. زۆر بەداخەوە خەریکە کێشەی مووچە لەو سێپارێزگا دوو ئیدارەو دوو حکومەتیەی ئێمە لەسایەی سەری راگەیاندن و بڵاو کردنەوەی هەواڵی بێ سەرو بەرو وروژێنەر ببێتە مەسەلەیەکی سیاسی و لێکدانەوەی سیاسی بۆ بکرێ و حاڵەتی دوو دارایی یەکێک لە هەولێر یەکێک لەسلێمانی خەریکە درز بخاتە بەناو حکومەتی یەکگرتووی کوردستان و سیستەمی تازەی مووچەو راگەیاندنە نامەسئولەکەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی ئەو ساردی و درز و دووبەرەکیە کە هەمدیسان بە پێی دوا هەواڵەکانی ئەو بابەتە (لە سلێمانی زیادەکە دەبەستن و دەرماڵەی کۆن وەرناگرنەوەو هەمووزیادەکە بەیەکەوە دەدەن بەڵام لە هەولێر تەنها زیادەی مانگی ٧ دەدەن و هیچی تر ) کە بێگومان ئەوەش هەر کەس و لایەنێک بیکاو پێی هەڵسێ و بە هەر بیانوویەکەوە بێ تاوانێکە دەرهەق هاووڵاتیان. دووبارەی دەکەمەوە هۆکارەکەشی راگەیاندنی سەر لێشێواو زیاد لە پێویست باس کردنی بابەتەکە بووە لەلایەن میدیاکانەوە . خاڵی سێیەم و کۆتایی کە ئەمرۆ بەشێکی میدیای کوردی مژوڵکردوە و بووە بەسەر هەواڵو بن هەواڵ و کورتە هەواڵ. شووکردنی کەژاڵ ئەحمەد ی جوان و ناسک و نازدارو پەیڤ رەوان و شاعیرە بە پیاوێکی عەرەبی ئوردنی هەروەک دەڵێن (سەر بەهەوێ) کە خەریکە دونیای لەسەر خراپ دەکەن و دەیخەنە قالبێکی سیاسی و نەتەوایەتی کە گشت ئەو نووسین و بابەتانە زیادەن و پێویست نین چونکە ئەو خانمەو هەموو ئافرەتێکی تریش مافی خۆیەتی هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێ و و چی بەراست دەزانێ ئەوەبکا و ئەوەش ئیختیاری خۆیەتی بەزۆر بەشوو نەدراوە ئەو هەرایەی بۆ بنێنەوە و ئەو هەموو نووسینەی لە بارەوە بڵاو بکرێتەوەو بکرێتە یەکێک لە بابەتە گەرم و گوڕو مێشک پروکێنەرەکان و مایەی بێزار کردنی بیسەرو بینەر و گوێگری میدیا کوردیەکان !!!



تاهیر عوسمان

# هەر رۆژنامەنووسی جاسوس، یا دەزگاو حیزبی کارتۆنیش!

ماوەیەک لەپەنای زۆربوون و ریگادان بە زۆربوونی دامودەزگای سیاسی ورۆشنبیری دیاردەی دروستکردنی جاسوس لەنێو رۆژنامەو دەزگا رۆشنبیری وەهەتا حیزب ورێکخراوەکانیش دروست بووە. لەدوای راپەرین بەهۆی دەرفەت هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ئازادنە کاری سیاسی ورۆشنبیری خۆی بکات، کۆمەلێک دیاردەی ترسناک و قێزەوەنیش هاتنە ئاراوە. بەتایبەتیش حیزبی دەسەلاتدار پەنای بۆ هەمان شێوازی تەقلیدی لەکارکردن بۆ راکێشانی دۆست و پەیداکردنی پیاوی بەکرێگیراو لەنێو لایەنەکان وناکۆکەکانی خۆی برد .

دوای راپەرین ژمارەیەک گروپ و حیزبی بچوک هاتنە ئاراوە کە بەئاشکرا ئاماژەیان پێدەکرێت سەر بەچ لایەن و دەزگایەکن، یا کێ هاوکاریان دەکات و کێ دروستی کردوون، تەنیا زۆر لە جیابوونەوەکانیش ئەگەر دەستی کەسیشی تێدا نەبووبێت، دواتر کاری لەسەر کراوە بەلایەکدا ببردرێت، ئەگەر بەلاش دانەچوو بێت بەلای کەمەوە سەرچاوەی ژیانیان لێبریوە .

ماوەی چەند ساڵێکیشە وازیان لەحیزبەکان هێناوە خەریکی دامەزراندنی دامودەزگای رۆشنیری و راگەیاندن، تەنیا کار گەیشتۆتە ئەوەی ئینشقایش بەرۆژنامەنووسان بکرێت و بەکۆمەل نان برای، یا جێگە گەرم و نەرم بکرێن .


لەکوردستاندا ئاساییە کەسانێک سەر بەدەزگاو کەسانی دیارو ناسراو بن ولەرێگەی دابین کردنی بژیوی ژیانیان قسەی خۆشیان بکەن، بەلام کارێکی قورسە لەپێناو نیشاندانی هێزو خۆدەرخستن و لەسەر حیسابی شەرەفی کاری رۆژنامەگەری هێرش بکەنە سەر خەلک و لەپەنای بەناو خۆ دەرخستن بە دیموکرات ئازاری لایەنەکان بدەن و لەکۆتایشدا بلێن ئەمە لەسایەی ئازادییەوە هاتووە .

کارێکی ئاساییە رۆژنامەنووس لەلایەنێک نزیک بێت، یا کار بۆ دەزگاییکی تایبەت بکات و سەرچاوەکانی زانیاری لەکەسانێکەوە کۆبکاتەوە، کە جێی متمانەی خۆیەتی، وەلێ کارێکی نەشیاو ترسناک دەکەن کە ئامانجیان تیکشکاندنی کەسایەتی خەلکی تر بێت. لەهەمان کاتیشدا هەموو دەزگایەک دەتوانێت رۆژنامەنووس بکرێت، وەلێ دامەزراندنی دامودەزگای رۆژنامەنووسی و بانگەشەکردنی ئازادی بیرراو وبلاوکردنەوە، دەبنە دوو سەرچاوەی جودا بۆ کاری راگەیاندن. رۆژنامەنووس دەتوانێت نهێنیەکان ئاشکرا بکات وبنووسێت و دیاردەکان قاو بدات، بەلام کارێکی نەگونجاو دەکات کە دەیەوێت ببێتە سێرە بۆ فیشەکی خەلکی تر .

وەکو گوتمان ئەگەر حیزب جاسوسی بۆ دامودەزگا بالاکان و حیزبە بالادەستەکان بکات، ئەگەر دەزگاکان بۆ چەواشەکاری وشێواندنی رای گشتی دروست کرابن، ئەگەر جاسوس بەلێشاو لە ئاستی سەرۆک و سکرتێری حیزبەکانەوە پەیدا بوون و بانگەشەی ئازادی و شەفافیەت لەپەیوەندی بکەن و زانیاری هەمەجۆر بە دەسەلات بدەن، ئەگەر کۆبوونەوەی حیزبەکان پێش تەواو بوونیان لە بارەگای حیزبە بالادەستەکاندا بێت و ئەگەر رۆژنامەکان خۆیان بەئەمرۆ ئاراستەکردن و رەزامەندی لایەنە بالادەستەکان دەربچن، رۆژنامەنووسی کارگەر دەبێت چی بلێت؟

من واهەست دەکەم هەندێک لەدیاردەکان لە جاسوسی تێپەریوە، هەندێک وەکو لایەن و دەزگای کارتۆنی کار بۆ لایەنە دەسەلاتدارەکان دەکەن، هەمووشمان دەزانین لایەنەکان بەدرێژایی سالانی خەباتی شاخ و دوای راپەرینیش چەندە باجی بێلایەنی و سەربەخۆبوون و جودایی هەلویستیان داوە . کاتێک دامودەزگاکان کارتۆنی بن، چ پێویست ناکات گومان لەجاسوسی تاکەکەسەکان بکەین. دیارە ئەمەش سەرەتایترین هەلگەرانەوەیە لە سیستەمی دیموکراتی و پێشێلکارییەکی ئاشکراشە لەهەمبەر سود وەرگرتن لەئازادی و لەهەمان کاتیشدا پیشەیەکی بی ئاکامە کە هیچێکمان سودی لێوەرناگرین .

کاتی ئەوەیە بۆ گێرانەوەی موسداقیەت بۆ دیموکراسیەت ئەو دیاردەی لایەنی کارتۆنی و خۆ بەستنەوە بە دامودەزگای لایەنی تر نەهێلدرێت.. کاتی ئەوەیە لەجیاتی هاندانی شێواندنی راستییەکان و راپۆرت نووسین و خۆدانە دەست کاری جاسوی، کار بۆ پیکهێنانی هێزیکی دیموکراتیخوازی جەماوەری بکرێتەوە.. کاتی ئەوەیە لەجیاتی پێکهێنانی لایەن و دامودەزگای کارتۆنی و پاشکۆو وابەستە و تەرخان کردنی داهات بۆ بەخێوکردنیان، دەرفەت بە کۆمەلگای مەدەنی بدرێت، کار بۆ پیکهێنانی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی دەربرین بکات



غازی حەسەن

# بێ ئەزموونی لە کاری رۆژنامەوانیدا

ئەو بێ سەروبەریەی ئەمرۆ لە بواری رۆژنامەوانیدا لە باشووری کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ، لەوانەیە لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا وێنەی نەبووبێ. بڵاوکراوەکان رۆژ دوای رۆژ زۆرو بۆرتر دەبن، حزب و لایەنە سیاسیەکانیش رۆژ دوای رۆژ دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان زۆر و بەرفراوانتر دەکەن، بەوهۆیەشەوە پێویستیان بە رۆژنامەوان و کادیری راگەیاندن دەبێ، بەڵام ئایا ژمارەی رۆژنامەوانانی باشووری کوردستان دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە؟!

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، بێگومان دەڵێین نەخێر، چونکە کەسانی وا پێناسەی رۆژنامەوانیان لەباخەڵدایە کە ئەلفوبێی رۆژنامەوانی نازانن، توانای رستەو رستەسازییان نیە، دەستیان بەسەر پەیڤ و برگەکاندا ناشکێ، بەڵام وەکو رۆژنامەوان دەناسێندرێن و شانازیشی پێوەدەکەن، تەنانەت کەسانی وا کراون بە بەرپرسی راگەیاندن لە حزب و رێکخراوو دەزگاکاندا کە هیچ شارەزاییکیان لە بواری رۆژنامەگەریدا نیە، تەنانەت هۆشیاری سیاسی و حزبایەتیشیان کەمەو ناتوانن بەشی بەڕێوەبردن ناکات، ئەمەش نەک هەر کێماسی لەکاری رۆژنامەوانی دروست دەکات، بەڵکو بزاڤی رۆژنامەگەری کوردی بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە.

کەسێک ئەگەر خۆی بە بەرپرسی دەزگەی راگەیاندن بزانێ، دەبێ لانی کەم دەبێ شیانی ئەوەی هەبێ کە سەروتاری رۆژنامەی حزبەکەی یان دەزگاکەی بنووسێ. کەسێک ئەگەر خۆی بە رۆژنامەوان و رۆشنبیرو سیاسی و بەرپرسی راگەیاندنی حزبێک بزانێ، لانی کەم دەبێ یەک دوو زمانی زیندوو بزانێ تا پێویستی بەوە نەبێ کە فێرخوازێکی بەشی راگەیاندن رێنوێنی بکات و ئەلف و بێی رۆژنامەوانی فێر بکات، بەڵام بەداخەوە ئەمرۆ پەتای خۆ بە زلزانین و خۆ بە سیاسیزان بەشێکی زۆری لە کادیری لایەنەکان گرتۆتەوە. کەسێک کە سەرنووسەری لە ئەستۆ بگرێ، دەبێ لانی کەم توانای هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی هەبێ. کەسێک کە دەکرێ بە بەرپرسی بەشی راگەیاندن لانی کەم دەبێ توانای لێکدانەوەی رەوشی سیاسی ناوخۆیی و هەرێمی هەبێ. کەسێک کە بیەوێ بەرپرسیارێتی لە رێکخراوێکی سیاسیدا لە ئەستۆ بگرێ، لانی کەم دەبێ هۆشیاری شرۆڤەکردنی هاوکێشە سیاسیەکانی هەبێ.

رۆژنامەوان ئەگەر رەگەزەکانی هەواڵ و ریپۆرتاژ نەناسێ و نەتوانێ یاری بە سەرپشک کردنیان بکات، بەرهەمێکی کرچ و کاڵمان پێشکەش دەکات. بەرپرسی راگەیاندن ئەگەر پاشخانێکی رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەبێ، ئەگەر توانای شیکردنەوەی رەوشی سیاسی نەبێ، ئەگەر نەتوانێ پێشبینی رووداوو پێشهاتەکان بکات، نەک ناتوانێ خەڵک هۆشیار بکاتەوە، بەڵکو لەنێو نەزانین و گەمژەییدا نغرۆیان دەکات.

رۆژنامەگەری بەرلەوەی ئارەزوو، رەوشت، لێهاتوویی بێ، پێویستە بە ئەزموونێکی باش دەوڵەمەند بێ، ئەمەش بەدەگمەن هەڵدەکەوێ، یان نموونەی لەم بابەتەمان کەمە، بەوهۆیەشەوە بزاڤی رۆژنامەگەری دووچاری قەیرانێکی ترسناک هاتووە، بە پلەی یەکەم حزبەکان، بە پلەی دووەم حکومەت لێی بەرپرسیارە.

پسپۆڕانی بواری رۆژنامەوانی دەڵێن: ئەگەر رۆژنامەوان یان بەپرسی راگەیاندن کەم تواناو نەشارەزا بوو، رۆژنامەیەکی کرچ و کاڵ، زانستێکی تێکشکاوو بەرەواژوو دەخەنە بەردەستی خەڵک، بەوهۆیەشەوە کۆمەڵگە لە راستی هەواڵ و زانیاریەکان دادەبڕێ، پانتایی رۆشنگەری و هۆشیاری بەرتەسک دەبێتەوە، لە ئاکامدا خودی کۆمەڵگە زیانێکی گەورەی پێدەگات و ئامادەیی بۆ پێشکەوتنەکانی سەردەم نابێ، یان لە جێگەی خۆیدا تەناش دەکات، یان هەڵدەخلیسکێ و بۆ دواوە دەگەرێتەوە. کەواتە ئەرکی حزبەکانە کە پۆستی بەرپرسیارێتی راگەیاندن بە کەسی نەشیاو نەسپێرن.

یاسین مەندەلاوی

# ئەو کێشەیەی ژیان بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات

کێشەکانی ژیان زۆرن، بەڵام ئەوانەی تەمەن دەپوکێننەوەو شیرازەی خێزان بەرەو هەڵوەشانەوە دەبەن، کەمن. من پێموایە لەیەکتر تێنەگەیشتن تاکە کێشەیە کە باوەشی گەرمی هاوسەری لەنێوان ژن و مێرددا لەت دەکات. ئەگەر باوەشی هاوسەریش کەرتبوو، بەئاسانی یەکتر ناگرێتەوە، سەرەنجام دوورو دوورتر دەکەوێتەوەو رێرەوی تەمەن و ژیان دەگۆڕێ.

من بە کامی دڵ هاوسەرەکەی خۆم هەڵبژاردبوو، ماوەی چوار ساڵ یەکتریمان خۆشویست، نامەی دڵداریمان ئاڵوگۆڕکرد، دەردی دڵمان بۆیەکتر هەڵڕشت و نهێنیەکانمان بۆیەکتر درکاند، ئاشنابووین و لەنێو بۆتەی یەکتر تواینەوە، ئەوسا بریارماندا ژیانی هاوسەری پێکبهێنین.

من دوور لە چاوی خزمەکانم خۆشەویستەکەی خۆم هەڵبژاردبوو، دەتوانم بڵێم رامم کردبوو، ئەوەش بە گران لەسەرم کەوتبوو، بەڵام بەباوەڕەوە بریارمدا، لێی پەشیمان نەدەبوومەوە. کاتێک لەلای دایکم باسی خۆشەویستەکەم کردو تێمگەیاند کە دەیەوێ بیتە خوازبێنیم، سەری سورما، چونکە من هەرگیز باسی خۆشەویستی خۆم بۆ نەکردبوو. دەڵێن دایک و کچ هیچ لەیەکتر ناشارنەوە، بەڵام من زۆر بە نهێنی بەدوای نێچیری خۆشەویستی خۆم کەوتبووم، بە مرزای خۆم گەیشتبووم، بەوهۆیەشەوە دایکم سەرکۆنەی کردم، پێیگوتم کە دەبوایە زووتر باست بکردبایە، ئاخر دایک دەتوانێ باشتر هەڵبژێرێ. ئەگەر دایکم نەبوایە، باوکم بەو خوازبێنیە رازی نەدەبوو، ناهەق نەبوو، ئەوانی نەدەناسی، ئاشنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی ئەواندا نەبوو، بەس دایکم توانی دڵی باوکم نەرم بکات. ئەوان هاتن بۆ خوازبێنیم، خێزانێکی مامناوەندی و رۆشنبیر بوون، بەوهۆیەشەوە سەرەتای ژیانی هاوسەریمان زۆر گەرم و خۆش بوو، خەم و خەفەت جورئەتی نەدەکرد سەر بەماڵی دڵمان دابکات، بەداخەوە ئەمە زۆری نەکێشا، وردە وردە بێباوەڕی لەنێوانماندا چەکەرەی کرد، تێگەیشتنمان لەکورتی دەدا، رۆژێکیان کورتە مەسیجێکی بۆ هات، تێیدا نووسرابوو: 'ئەگەر دەستەڵاتم هەبێ، تۆ دەکەم بە پاشای وڵاتی دڵم، ئەگەر دەستەڵاتت هەبوو، من بکە بە کەنیزەی ماڵەکەت، چاوەڕوانتم، ژیان دوو لەت نابێت' ئەم پەیامە ماڵی منی وێران کرد، هۆش و ژیری لێ سەندم، وەکو گرکان تەقیمەوە، بەرووی هاوسەرەکەمدا هەڵشاخام، وامزانی ئیدی لەپشت سەری منەوە دڵداری دەکات، ئەو زۆر لێبراوانە تێدەکۆشا تا تێمبگەیەنێ، بەڵام من وام دەزانی کە ئیدی هەموو راستیەکان لەدەستی مندان، وام هەست دەکرد کە فێڵم لێکراوەو قوڵم براوە. بەکوڵ گریام، لەدڵی خۆمەوە دەمگوت ئیدی یان دەبێ هەوێداری قەبوڵ بکەم، یان دەبێ جیاببمەوەو چاوەڕوانی چانسێکی دیکە بکەم. لەو رۆژەوە تێگەیشتنمان بەبنبەست گەیشت، ئەگەر تێگەیشتنین نەمێنێ، خۆشەویستی و سۆزداری کۆتا دەبێ. ژیانی ئێمەش ئاوابوو، لەو رۆژەوە قوفڵ درا، من بۆ ماڵی باوکم گەڕامەوە، ئەویش خۆی گۆشەگیر کرد، باوەڕمان بەیەکتر نەما، جار جارە دەهاتە لام و پاکانەی دەکرد، بەڵام بێباوەڕی رەگی خۆی لەناخم داکوتابوو. ئەو سوێندی دەخوارد کە هاوڕێیەکی بە ئەنقەست ئەو کارەی کردووەو ویستویەتی تۆ تاقی بکاتەوە، من چووبوومە سەر کەلی شەیتان و نەدەهاتمە خوارێ. ئیدی سەرەنجام بە تەلاق کۆتایی پێهات.

دوای شەش مانگ لە جیابوونەوەمان، هەمان پەیام بۆ من هات، من بەدوای پەیامەکە داچووم و خاوەنی مۆبایلەکەم دۆزیەوە، دەرکەوت ئەو کەسەیە کە کاتی خۆی پەیامەکەی بۆ هاوسەرەکەم ناردبوو، ئەو کەسە هەرچەندە هاورێی هاوسەری پێشووم بوو، بەڵام دەیویست دڵی من بەلای خۆیدا رابکێشێ، ئەو دانی بەوەدانا کە بەئەنقەست ئەو پەیامەی بۆ ناردووە تا جیاببینەوە، دواتر خۆی بێتە خوازبێنیم. کاتێ ئەو دانپیانانەم لەزاری خۆیەوە بیست زۆر دڵتەنگ و نیگەران بووم، پەشیمانی هەموو جەستەی داپۆشیم، بەڵام تازە هیچ نەدەکرا. بۆیە دەڵێم تێنەگەیشتن سەرتۆپی هەموو ئەو کێشانەیە کە ژیان بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات.

نەسرین شاکر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com